ئەوەی ئامادەی جەنازە بێت ونوێژی لەسەر بکات؛ ئەوا قیراتێکی بۆ هەیە، وئەوەی ئامادە بێت هەتا لە گۆڕ دادەنرێت؛ ئەوا دوو قیراتی بۆ هەیە، ووترا: دوو قیرات چییە؟ فەرمووی: وەکو دوو چیای مەزن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی ئامادەی جەنازە بێت ونوێژی لەسەر بکات؛ ئەوا قیراتێکی بۆ هەیە، وئەوەی ئامادە بێت هەتا لە گۆڕ دادەنرێت؛ ئەوا دوو قیراتی بۆ هەیە، ووترا: دوو قیرات چییە؟ فەرمووی: وەکو دوو شاخی مەزن». ولە ریوایەتی (مسلم)دا: «بچووکترینیان وەکو شاخی ئوحودە (واتە: بچووکترینی ئەو دوو شاخە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە میهرەبانە بەرامبەر بەندەکانی دەیەوێت هۆکارەکانی لێخۆشبوون بۆ بەندەکانی ئاسان بکات، بۆیە ئامۆژگاری کراوە بە شوێنکەوتنی جەنازە ونوێژکردن لەسەری، چونکە ئەم نوێژە نزای بۆ مردووەکە تێدایە وشەفاعەتە بۆی بۆ ئەوەی خوای گەورە ڕەحمی پێبکات ولێی خۆش بێت. ئەوەی نوێژی لەسەر بکات ئەوا چیایەک پاداشتی بۆ هەیە وئەوەی شوێنی جەنازەکە بکەوێت هەتاوەکو لە گۆڕ دادەنرێت ئەوا دوو شاخە (چیایە) پاداشتی بۆ هەیە، وئەمە پرێکی زۆر مەزنی پاداشتە مەگەر تەنها خوای گەورە بزانێت بڕەکەی چەندێکە. کاتێک هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- مانای (قیرات)یان لە لا شاراوە بوو پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش واتاکەی بۆیان نزیک کردەوە کە قیرات وەکو چیایەکی مەزن وایە، چونکە جێبەجێکردنی مافی برای مسوڵمان ونزا کردن بۆی ودڵدانەوە وسەرەخۆشی تێدایە بۆ کەسوکاری مردووەکە وجگە لەمانەش لە چاکەکاری.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5397

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee